# نارەزایەتییەکانی ئێران؛ تەنگژەی ئابووریی یان قەیرانی ڕەوایەتی و ئەگەرەکانی ئاینده

پۆلیسی پەیپەری ژمارە (٢)

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سلێمانی

٧ / کانونی دووەمی / ٢٠١٨

www.centerfs.org

## پێڕستی بابەتەکان

پۆلیسی پەیپەری ژمارە (٢)....0
دەستپێک: ....2
یەکەم: سروشتی نارەزایەتییەکانی ئێستای ئێران:....2
دووەم: نەبوونی پێشەنگ بۆ نارەزایەتییەکان: ....5
سێیەم: کاردانەوەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی:....6
چوارەم: کاریگەری نارەزایەتییەکان لەسەر پێگەی دەرەکی ئێران: ....9
پێنجەم: سیناریۆکانی مامەڵەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ نارەزایەتییەکان: ....10
ئەنجامەکان:....12

## دەستپێک:

لە کاتێکدا کە ئێران، لە سەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەکی، وەک کاراکتەرێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بەهێز ڕەفتار دەکات، بەشێوەیەک کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا، ڕاستەوخۆ بۆخۆی، یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێی بریکار و هاوپەیمانە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانیەوە، نەخشەڕێژ و بزوێنەری زۆرێک لەو کێشە و ڕووداووە گەورانەبووە کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگوزەرێت. بەڵام ئەم ڕەفتارکردن و بزێوییە دەرەکییانەی ئێران هەرگیز بێ قوربانی و پەرچەکرداری نێگەتیف نەبووە، بە تایبەتی لە ئاستی ناوخۆیی، کە بەبڕوای هەندێک، ناڕەزایەتییەکانی ئێستای ئێران یەکێکە لە و پەرچەکردارانە، بە تایبەت لەو ڕووەوە کە خەرجی و تێچووەکانی سیاسەتی دەرەکی ئێران هۆکاربووە بۆ قوڵبوونەوەی گرفتە ئابوورییەکانی، وەک هەڵاوسان و پاشەکشێی گەشەی ئابووری و خراپبوونی گوزەران وبژێوی زۆرینەی خەڵک وفراوانبوونی گەندەڵی. بەڵام لەبەرامبەر ئەو بڕوایەدا، هەندێکیتر بڕوایان وایە کە ئەم ناڕەزایەتییانە ڕیشەیەکی لەوە قوڵتری هەیە بەشێوەیەک کە بەرهەمی سروشت و بونیادی کۆی ڕژێمی حوکمڕانیی ئێرانە نەک تەنها پەرچەکرداری ڕوکەشی سیاسەتە دەرەکییە هەنوکەییەکانی. هەموو ئەمەش وادەخوازێت کە ووردتر بڕوانینە هۆکار و لێکەوتەو و ئاسۆکانی ئایندەی ئەم ناڕەزایەتییانەی ئێستای ئێران.

بۆیە پرسیاری سەرەکی ئەم پۆلیسی پەیپەرە سەبارەت بە ڕیشەی ناڕەزایەتییەکانی ئێستای ئێران و سروشتی داواکاری خۆپیشاندەرانە، تا لەوێوە وەڵامێکی دروستی دەستبکەوێت بۆ گریمانەکردنێکی لۆژیکی سیناریۆکانی ئایندەی ئێران و پاشان تێگەیشتن لە کاردانەوەکانی، بەتایبەت پەیوەست بە هەرێمی کوردستانەوە و ئایندەی پەیوەندییەکانی هەولێر و تاران.

## یەکەم: سروشتی ناڕەزایەتییەکانی ئێستای ئێران:

### - ئایا شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان کتوپڕبوون؟

تەنینەوەی خۆپیشادانەکانی ناو ئێران بەرامبەر دۆخی گوزەران و باری ئابوریی هاوڵاتیانی ئێرانی و گۆڕدرانی ئاراستەکەی بۆ دروشمکێشان دژی ڕژێم و کۆی کاراکتەرە سیاسییەکانی ناو ئێران (بە ناڕازییەکانیشەوە) سەرنجی دنیا و میدیای جیهانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا و بە جۆرێک نەیارانی دێرینەی نێودەوڵەتی ئێران (وەک ئەمریکا و سعودیە) بە هەڵییان زانی بۆ هەڵگێڕانەوە و کورتکردنەوەی "ڕێگای دووری پێشبینیکراوی ئەوان"، هاوکات بووە جێی بایخی زۆرێک لە سەرۆک وڵاتان و ناوەند و ڕێکخراوە جیهانییەکانیش.

ناڕەزایەتییەکان پرسیارێکی خێرایان بۆ یار و نەیار دروستکرد: ئایا ئەم ناڕەزایەتییانە دەتوانن ڕژێمی سیاسی ئێران هەڵگێڕنەوە؟ کە بەبێ ئەم ناڕەزایەتیانە ڕەنگبێ نەیارە سەرسەختەکانی دەرەوەی ئێران و ئۆپۆزسیۆنی چەکداریش بۆ چەندین ساڵیتر کردنی ئەو پرسیارەیان بە پرسیارێکی نالۆژیکی دەزانی.

بەڵام بۆ تێگەیشتن لە سروشت و "بەکوێگەیشتن"ی ناڕەزایەتییەکان باشترە پرسیاری ئەوەبکرێت، سەرچاوە و هۆکاری تورەبوونی خەڵک چیبوو؟ بۆچی خۆپیشاندەران لە کەمتر لە پێنج ڕۆژدا سەرجەم لایەنەکانی ناوحکومەت و نەیارەکانیشیان جێهێشت و نائومێدییان بەرامبەر کۆی ڕژێمەکە کردە درووشم؟

### - هۆکارەکان چیبوون؟

ئایا ئابوریی ئێران و گوزەران سەرچاوەی جوڵاندنی خۆپیشاندەرانە یان قەیرانی ڕەوایەتی دەسەڵاتی ئێران؟

بە گوێرەی سەرچاوە میدیاییەکانی ناوخۆی ئێران تەنها لە پێنج ڕۆژی یەکەمی ناڕەزایەتییەکان، لانی کەم پەنجا و پێنج شار و شارۆچکەی ئێران گردبوونەوە و نارازایەتییان دەربڕیوە و ئامارەکانی قوربانیانیش جیاوازییان هەیە، بەڵام لانی کەم کوژرانی ٢١ کەس پشتڕاستکراوەتەوە. سەرەتاکەی بە ناڕەزایەتییەکی لایەنگرانی پارێزگارەکان لە شاری مەشهەدی– دینییەوە دەستی پێکرد و پەیتا پەیتا شارەکانی دیکەی وەک کرماشان و سنەی کوردنشین، ئەهوازی عەرەب، بەندەرعەباس، نەجەفئاباد، هەمەدان، تا گەیشتە تەبریزی تورکی– ئازەرینشین و بە ڕێژەیەک کەمتر دواجار گەشتە تارانی پایتەخت.

بۆ تێگەیشتن لە پرسیاری سەرچاوەی ناڕەزایەتییەکان، باشترە گوزەرێکی خێرا بە جۆری ناڕەزایەتییەکانی ناو ئێراندا بکرێت.

وا نمایشدەکرێت کە ناڕەزایەتییەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو دەگمەنن و پێشتر لە ناو ئێراندا ناڕەزایەتیی دیکە ئەنجامنەدراوە. لە کاتێکدا گەر بۆ دۆسێی تەنها شەش مانگی ڕابردووی ئێران بگەڕێینەوە، دەردەکەوێت کە هەموو ئەو شارانەی ناڕەزایەتییان لەم ڕۆژانەدا ئەنجامدا، ٩٠٪ یان پێشتر لان یکەم ناڕەزایەتییێکیان دژی لایەنێک یان دەزگایەکی ناو دەوڵەت ئەنجامداوە. بەڵام کاریگەری و ژمارە و جۆری تەنینەوە و مامەڵەکردن لەگەڵیان ئاستی جیاواز بووە. دەتوانرێت ناڕەزایەتییەکان بۆ سێ جۆر پۆلێن بکرێن:

ناڕەزایەتیی توێژەکان: فەرمانبەران، مامۆستایان، خوێندکارانی بەشی ناوخۆیی، کرێکاران و شۆفێران، پەرستیاران، ڕاوچییان و خانەنشینان. کە کێشەی هەندێ لەم توێژانە بۆ نموونە بریتیی بووە لە: کەمی و دواکەوتن و ناعەدالەتی لە مووچە، دەرکردن و بێکارکردنیان، دڵنیایی کاریی، شوێنی حەوانەوە و دامەزراندن، ئەم جۆرە ناڕەزایەتییەش لەشارەکانی تاران، قەزوین، ئەهواز، سمنان، شەهری کورد و کرماشان... تاد هەبوون.

ناڕەزایەتیی هاوڵاتییان بەرامبەر کێشەی خزمەتگوزاریی و شێوەی بەڕێوەبردنی شارەکان:  کە لە گەڕەکێک یان زیاتری شارەکانی (بەندەر عەباس، ورمێ، مەراغە، ئەسفەهان، کرمان، قوم، تاران، گورگان و سنە و هیتر) ئەنجامدراوە. بەگشتی لەم شوێنانە خەڵک ناڕەزایەتیی دژی بەرپرسانی شارەوانی، کەمئاویی، پێشێلی یاسا و دادگا، دژی دۆخی زیندانیان، داواکاری ڕاکێشانی هێڵێی ئاسن... تاد ئەنجامداوە.


جۆرێکیتر لە ناڕەزایەتییەکانی شەش مانگی ڕابردووی ناو ئێران، ناڕەزایەتیی وردە سەرمایەدار و هاوڵاتیانی مایەپووچبووی ناو بانکەکان و دەزگاکانی دڵنیایی وسندوقەکانی قەرزدان بوون، کە بەهۆی ئاڵۆزی و کێشەی بانکی و شکستی بانکەکانەوە ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتییانی ئێرانی لە شارە جیاوازەکاندا ناڕەزایەتییان ئەنجاداوە، وەک ناڕەزایەتییەکان بەهۆی شکستی بانکەکانی ئارمان ئەلبورز، کاسپین و...تاد و زیانلێکەوتنی هاوڵاتییان.

کەواتە بە دیققەتدان لە ناڕەزایەتییەکانی شەش مانگی ڕابردوو و سەرچاوەی کێشەکانیان، نە کتوپڕ و نە نائاساییشن، زیاتر دیوێکی ئابووری و پەیوەستن بە ژیانی ڕۆژانە و گوزەرانەوە، ڕەهەندی کێشەی سیاسی و ململانێی جەمسەرەکان تێیدا لاوازە، ئەوەی نائاسایی و کتوپڕە ئەوەیە کە ناڕەزایەتییەکانی ئێستای ئێران دەستبەجێ وەک ناڕەزایەتییێکی سیاسی و شۆڕشگێڕانە ناسێنران.

بە درێژایی سەردەمی هاتنە سەرکاری کابینەی حەسەن ڕۆحانی (کە ئێستا لە خولی دووەم و ساڵی پێنجەمیدایە) ناڕەزایەتییێک کە ئامانجی سیاسی یان چاکسازی یان شۆڕش بووبێت بەرامبەر حکومەت یان دەوڵەت ئەنجامنەدراوە. ئەمەش بەو مانایە نایەت کە ڕژیمی سیاسی بێکێشە بووە، بەڵام لەم بەدواداچوونەدا نیشانە لە ناڕەزایەتییەکان و ناڕەزایی هاوڵاتییان گیراوە تا هەڵسەنگاندنی ڕژیمی سیاسی.

ڕاپۆرتەکان نیشانی دەدەن، کە دۆخی ئابوری هاوڵاتییان ڕوو لە خێر نییە و کاریگەری نەرێنی لەسەر دانیشتوانی کەنارنشین و چینی ناوەند و بەرەوخوار جێهێشتووە. بێکاری لە ئەمساڵی ئێراندا ١٢٪ زیادیکرد، کارگەگەلێکی زۆر داخران یان بە کەرتی تایبەت و بازرگانانی بیانی فرۆشران، ڕێژەی پەراوێزکەوتنی شارە دورەدەستەکان و کەنارنشینان نزیکەی ٦٠٪ە. هەڵایسانی نرخ بە ئاماری ڕەسمی ٨٪یە، نوخبەیەکی نزیک لە دەسەڵات و سوپا قەبارەیەکی گەورەی کەرتی بازرگانی ئێرانیان بەدەستەوەیە. تەنها سوپا (کە بەپێی دەستور مافی بازرگانیکردنی پێدراوە) قەبارەی بازرگانی و وەبەرهێنانی بودجەی ئەمساڵی بۆ خەمڵێنراوە. بودجەی سوپا بۆ ٧,٥ ملیار دۆلار لە بودجەدا بەرزکراوەتەوە، کە ئاماژەی گۆڕانی ئاراستەی سیاسەتەکانی ڕۆحانی لێدەخوێنرێتەوە، کە لە چوارساڵی دووەمیدا مەیلی بەلای سوپادا زۆرتربێت تا دۆخی خەڵک و کێشە ئابوورییەکان.

لە سەروو ئەمانەشەوە تێچوونی زۆری ئێران لە کاروباری سەربازی و خەرجییەکانی لە وڵاتانی وەک لوبنان، یەمەن، عێراق و سوریا هەم ناڕازایەتی لە ناوخۆدا سازاندووە، هەم بارێکی گرانی ئابووری بۆ حکومەت و خەڵکی ئێران سازداوە. سزا نوێکان و هەڕەشە بەردەوامەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانیشی دیسان کلیلی چارەسەریان لەدەست حکومەتەکەی ڕۆحانی و یارانی سەندووە و بە پێچەوانەوە کێرڤ و نارەزایەتی هەم پارێزگارەکان و هەم ریفۆرمیستەکانیشی (کە سەرکردەکانی مافی مومارەسەی سیاسییان لێسەنراوەتەوە و گەمارۆدراون) بە ڕادەیەک بەرزکردۆتەوە، کە هاوڵاتییانی لەبری کۆبوونەوە لەدەوریان، لێیان نائومێدبوون و بەدوای ئەڵتەرناتیڤی نوێدا دەگەڕێن.




ناڕەزایتیەکانی ئێران لە ڕۆژی هەشتەمیدا
https://iran.liveuamap.com/en/time/04.01.2018

نائومێدبوونی هاوڵاتییان لە دەستکەوتی ئابووری و چاکتربوونی دۆخ لە کابینەی ڕۆحانی کە پشتیوانی تەواوی پەرلەمانی و دەزگای ڕابەریی هەیە، زیاتر کێشەکانی قوڵکردەوە و ڕەهەندێکی ئابووری دایە نارەزایەتییەکان و کەمترین ئومێد و پشت بە هیچ لایەنێک یار و نەیاری دەوڵەت و دەسەڵات نەبەسترێت تا داواکارییەکانی لە چوارچێوەی پرۆژەیەککی سیاسیدا بەرجەستە بکات و کارییان بۆ بکات.

بەڵام گۆڕانی ئاراستەی نارەزایەتیی بۆ ئامانجی سیاسی و گۆڕینی ڕژێم زیاتر پەیوەندی بە دوو ئاستەوە هەیە:

1 . دۆخی ناوخۆی سیاسی کە چەندین لایەن و ئاراستەی سیاسی لە ڕێی دەزگا ڕەسمیەکانەوە پەراوێزخراون و دوا هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی و شارەوانییەکان نمونەی باڵان کە ڕێژەیەکی زۆر لە نوێنەری سیاسی ئاراستەکان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی لە مافی خۆپاڵاوتن دورخستەوە و وایکرد کە  ئەنجامی هەڵبژاردنەکان نەتوان گوزارشتی ڕاستەقینەبن لە ڕای جیاوازی کۆمەڵگەی ئێرانی.

2 . لەلایەکیترەوە فشارە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر حکومەتی ئێران و لەسەرهێڵبوونی نەیارەکان و ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی ڕژێمی ئێران وایکرد نارەزایەتییەکان، کە ڕەهەندێکی ئابوریی و بژێوییان هەبوو، وەک هەلێکی سیاسی و درز و گورزێکی کاریگەر سەیربکەن و هەوڵی وەبەرهێنانی بدەن و سیمایەکی سیاسی و هەڵگێرەرەوە بدەنە ئامانجی خۆپیشاندەران.

## دووەم: نەبوونی پێشەنگ بۆ نارەزایەتییەکان:

تورەبوەبوونی ڕاستەقینەی خەڵک هێندەی بێزارییە لە بێوەڵامی سەرجەم دەزگاکانی دەوڵەت بە کۆی دەسەڵاتە جێبەجێکاریی و یاسادانن و دادوەرییەکانییەوە، هێندە نارەزایەتییەکی بەرنامە بۆدارێژراوی سیاسی نییە و هەر ئەوەشە کە ئەوەی لە نارەزایەتییەکاندا دەبینرێت ئەمانەیە:

1 . هیچ لایەنێک ناتوانێت (ریفۆرمیست، پارێزگار و میانڕو و پارێزگاری میانڕۆ) تەبەنییان بکات، یان خۆی بکاتە خاوەنییان، چونکە هەریەک لەو لایەنە ناوخۆییانە بەشێک بوون لە کێشەسازی بۆ گوزەرانی هاوڵاتییان و لە دۆخێکدا تاقیکراونەتەوە و لە ئاست بەڵێنەکانیشیان بە هاوڵاتییان کورتییان هێناوە.

2 . هاوڵاتیانی چینی ناوەند بەرە و خوارەوەی کۆمەڵگەی ئێران بەرامبەر سەرجەم دەسەڵاتەکان (جێبەجێکردن، پەرلەمان و دادوەری) نارازیین و بەتایبەت لەم پێنج ساڵی سەردەمی حەسەن ڕۆحانی-دا وەک سێ دەسەڵاتی تەواوکاری دەرکەوتوون و بە پاکێجی هاوبەش و تەوافوقی پرۆسەی سیاسی، داهات، بودجە و پۆستەکانییان دابەشکردووە، کێشەکانیان لەبری چارەسەر داپۆشیوە و لەبری ململانێ لەسەر دۆخی گوزەرانی هاوڵاتییان لە نێوان خۆیاندا "وەک ڕێککەوتنی ناچاری" سازشیان بۆ یەکتر کردووە.

3 . سەرەڕای ئەوەش لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڕەخنە و ڕاپۆرتی گەندەڵی و موچەخۆرانی ئەستێرەیی تایبەت (حقوق بگیران نجومی) و دۆسێی گەندەڵی بەرپرسان و بازرگانانی نزیک لە بەرپرسانی ناو دەوڵەت و حکومەت بە جۆرێک ڕەخنەکار و هێرشیان دەکردە سەریەک کە پێگەی دەزگاکانی دەوڵەتی هێنایەخوار و هاوڵاتیانی خستە ئەوپەڕی نائومێدی بەرامبەر دەزگا و ئاراستە سیاسییەکانی ناو پرۆسەی سیاسی.

4. نائومێدبوونی هاوڵاتییان لە کابینەی ڕۆحانی و گفتوگۆکانی لەگەڵ دونیادا کە وەک فریادڕەسێکی ئابووریی دەنگی هێنا، کەچی لە پێنج ساڵی ڕابردوودا نەک دۆخی خەڵکی باشتر نەکرد بگرە کێشەکانی زیاتر کرد و گەیاندییە ئاستی تەقینەوە.
5. جیاوازی نارەزایەتییەکانی ئێستای ئێران لەگەڵ ئەوانەی ساڵی ٢٠٠٩، زیاتر لە سروشتە ئابوورییەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوانەی ٢٠٠٩ کۆی نارەزایەتییەکان ململانێی سیاسی نێوان پارێزگار و ریفۆرمیستەکان بوو، ململانێ بوو لە ناوخۆیی ڕژێمێکدا، خواست و ئامانج گوزەران و باشترکردنی ئابووری نەبوو، بەرهەمی ناکۆکی و ئەنجامی هەڵبژاردن و شکستی باڵێکی بەهێزی ناو ڕژێمی سیاسی ئێران بوو کە ریفۆرمیستەکان بوون. بەڵام نارەزایەتییی ٢٠١٨ نە هیچ لایەنێکی سیاسی لە پشتی بوو نە توانی تاکلایەنە ببێتە خاوەن و جوڵێنەری، هەربۆیە تا هەنووکەش لە ناونانی لایەن و دەستی پشتی نارەزایەتیی و دیاریکردنی ئامانجەکاندا هەموو پێناسە و ناساندنەکان کورتییان هێناوە. لە یەک کاتدا و لەسەرچاوەی جیاوازەوە: پارێزگارەکان، ریفۆرمیستەکان، ڕابەرایەتی و پاشماوەکانی ڕژێمی پەهلەوی و ئۆپۆزسیۆن و وڵاتانی نەیار و دراوسێی ئێران تۆمەتبار دەکرێن بەوەی لە پشت جوڵاندنی نارەزایەتییەوەن. کە لە ڕاستیدا هیچ یەک لەمانە ناتوانن جوڵێنەری ڕاستەقینە بن جگە لە نائومێدی خەڵک بەرامبەر کورتهێنانی پرۆسەی سیاسی بۆ وەڵامی کێشە و گوزەرانی خەڵک و کورتهێنانی دەزگا دەوڵەتییە جیاوازەکان بەسەرجەمیانەوە بۆ داواکاری کەڵەکەبووی کۆمەڵگەی ئێرانی.

## سێیەم: کاردانەوەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی:

ئەم نارەزایەتیانەی کە لە ئێستادا لە ئێران د روستبووە، ڕەنگدانەوەکانی سنوری سیاسی ئێرانی تێپەڕاندوە و ڕەهەندێکی هەرێمی ونێودەوڵەتی هەیە، وەکو چۆن ئێران مافی بە خۆی داوە لە ڕێگەی بریکارەکانیەوە دەست ڕۆیشتویی لە زیاتر لە وڵاتێکدا هەبێت، لە ئێستالدا ئێران هەمو هەوڵەکانی ئەوەیە دەستی دەرەکی لەم نارەزایەتییانە دوور بخاتەوە، یاخود تۆمەتی ڕەهەندە سیاسیەکەی نارەزایەتییەکان بخاتە پاڵ دەستی دەرەکی، دروست بوونی نارەزایەتییەکانی ئەمجارە لە مەشهەدەوە، بە پێچەوانەی مێژوی نارەزایەتییەکانی ڕابردووەوە کە لە پایتەختەوە دروست دەبوو، پاشان فراوان دەبوو و ناوچەکان و پارێزگاکانی تری دەگرتەوە، ئەمەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت لە ناوەڕۆکدا نارەزایەتییەکان نارەزایی بووە لە خراپی گوزەران، نەک ئامانجی سیاسی وهەڵگێرانەوەی سیستەم.

بەڵام سروشتی نارەزاییی وایە کەلە پشت خواستە ژیانییەکانییەوە، ڕەهەندە سیاسیەکە بە شاراوەیی هەیە، چونکە بەرپرسیارێتی لە خراپی دۆخی ئابوری لەسەر شانی حکومەتە، بۆیە بینرا خێرا دروشمەکان لە دروشمی ئابورییەوە گۆڕدران بۆ دروشمی سیاسی، وەک ئەوەی سیستەمی ئێران تاوانبار کرا بە یارمەتیدانی سوریا و لوبنان و یەمەن، ئەم دروشمانە ڕاستەوخۆ ئاراستەی سیستەم کران، نەک حکومەت، چونکە سیستەمی ئێرانی دەیەوێت وا پیشانی بدات کە ئاراستەی نارەزایەتیەکان بۆ حکومەتە نەک سیستەم، لەبەرئەوە فشار لە سەر حکومەت زیاد دەکات، گەرچی لە ئێستادا روحانی و کابینەکەی بە تەواوی لە ژێر هەژمونی ئەو سیستەمەدایە.

ئەوەی دەکرێت لەم ڕوداوانە بخوێنرێتەوە لە سەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی:

## ئاستی ناوخۆیی :

1. نەبونی گوتارێکی سیاسی ڕوون و ئاراستەکراو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕەوتێکی سیاسی ڕێکخراو لە پشت نارەزایەتیەکانەوە نیە، تاوەکو ئۆرگانیزەی بکات و ئاراستەی بکات، نەبونی ڕێکخستن واتە نەبونی سەرکردایەتی بۆ نارەزایەتییەکان، ڕەنگە لە رویەکەوە سودی ئەوەی هەبێت کە هێزە ئەمنیەکان فریای کۆنترۆڵکردنی نەکەون، بەڵام لەلایەکی ترەوە نیشانەی لاوازیشیەتی، چونکەنارەزایی بێ سەرکردایەتی، دەبێتە هۆی پەرتەوازەیی بێ گوتاری و ڕەنگە ئاسان بێت حکومەت بە هەندێک بەڵێنی بێناوەرۆک و کرداری پەرتەوازەیان بکات و کۆتایی پێبهێنێت. هەرچەندە حیزبە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و موجاهیدن پشتیوانی لەم نارەزایەتیانە دەکەن و دەیانەوێت سەرکردایەتی بکەن، بەڵام لە راستیدا ڕێژەوەی جەماوەری ئەم هێزانە زۆر کەمە و کاریگەری ئەوتۆیان نیە لە سەر ئاراستەکردنی شەقام و جوڵاندنی نارەزایەتیەکان.
2. پەرچەکرداری ڕژێم و مامەڵەکردنی لەگەڵ داواکاری و خواستی هەنوکەیی و درێژخایەنی کەسانی نارازیی، ئەوەیە کە دەیەوێت وا پیشانی بدات گرنگە مامەڵەی هەنوکەیی و ستراتیژی لەگەڵدا بکرێت، لەکاتێکدا بریاردان لەسەر هەر کێشە و ئاڵوزییەک لە ناوچەکە بەبێ ئێران قورسە کاریگەری هەبێت، ئێران نابێت وەکو لایەنێکی بێهێز لە ئاستی ناوخۆییدا دەربکەوێت، ڕژێم توانای خستنەڕوی جێگرەوەی نەبێت، لە لایەکی ترەوە دەیەوێت حکومەت بخاتە بەردەم لێپرسراوی کە ئەمە دۆخە راستەقینەکە نیە، بەڵام نایەوێت دۆخی سوریا و بە هاری عەرەبی بۆ مامەڵەکردن دوبارە بکاتەوە.

## ئاستی دەرەکی:

لەسەر ئاستی دەرەکی دەکرێت ئاماژە بە دوو خاڵی سەرەکی بدرێت:

1. ئاستی هەرێمی و عەرەبی : سعودیە و هاوپەیمانەکانی لە رووی راگەیاندن و بەگەورە پیشاندانی دۆخەکە زیاد لە قەبارەی خۆی دەیانەوێت فشار لەسەر دۆخی ناخۆیی دروست بکەن و ژینگە بۆ کۆکردنەوەی دەنگی نێودەوڵەتی بخولقێنن، بە پێی ئامارێکی ئەلیکترۆنی لە ٢٧% ی ئەو هاشتاگانەی بۆ پشتگیری لە نارەزایەتیەکان دروستراون سعودیین و لە ٤% ئیماراتی، ئەوانی تر وڵاتانی ترو، تەنها لە ٢٥% لە ناوخۆی وڵاتدان (هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی سنورداری مامەڵەی ئینتەرنێت و کارایی پرۆسەی فیلتەرینگ و داخستنی هەریەک لە تۆرەکانی تویتەر، ئینستاگرام، واتساپ و تیلگرام لە ناوخۆی ئێراندا)، ئەمەش مانایی وایە ئەم وڵاتانە لە روی راگەیاندنەوە زیاتر لە کەناڵێک بەکار دەهێنن بۆ گەورەکردن و دۆزینەوەی پشتیوانی، بۆ دوو مەبەستی سەرەکی: یەکەم ئێران وا پیشانی دونیا بدەن کە هێزێکە ل ەناوخۆدا بێ پشتیوانە، دووەم: پشتگیری ئێران و بۆ وڵاتە عەرەبیەکان کەمبێتەوە، ئەمەش واتە کەمبونەوەی کاریگەری ئێران.
2. پەرچەکردار لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ، ئەمریکا هەرزوو پشتیوانی لە شەقامی نارازیی کردوو، ترەمپ ئەوەی ڕاگەیاند کە لە ئێستادا کاتی گۆڕانکارییە لە ئێران، و هەمو جیهان هەستی بەوە کردوە کە گەلی ئاشتیخوازی ئێران گۆڕانکاری دەوێت، هەروەها جەختی لەوە کردۆتەوە کە سیستەمی

سەرکوتکاری ئێرانی ناتوانێت بەم شێوەیە بەردەوام بێت. بەڵام ئەوروپا تارادەیەک بێدەنگی هەڵبژاردووە، جگە لە فەرەنسا کە داوای ئەوەی کردوە دەستێوەردان نەکرێت و، ئەڵمانیش داوای ڕێزگرتن لە مافی نارەزایەتیی دەکات. ئیسرائیلیش خۆشحاڵە بەهەر شلەژان و نائارامییەک لە ئێران، و پشتیوانی لە نارەزاییەتیەکان دەکات.

3 . بەڵام ئەوەی چانسی بەهێزی داوەتەوە دەست ئیران کە لانیکەم بەم نارەزایەتییانە گورزی روخێنەری بەرنەکەوێت، پشتیوانی تورکیای دراوسێیەتی ئەردۆگانی سەرکۆماری ئەو وڵاتە راشکاوانە بەرگری لە سیستەم و حکومەتی ئێران کرد وپشتیکردە خۆپیشاندەران. وەک ئەوەی بیەوێت قەرزی کودەتا شکستخواردووەکەی ٢٠١٥ی تورکیا بداتەوە کە ئێران بێپەروا و خێرا پشتیوانی لە ئەردۆگان کرد. بۆیە هەموو هەوڵێکی نێودەوڵەتیش بۆ لاوازکردنی ئێران دواجار لەبەردەم هاوپەیمانێتی تورکیا-ئێراندا روبەرودەبێتەوە و ئەم دوو وڵاتە بۆ هێشتنەوەی دۆخی ئێستایان جۆرە رێککەوتنێکی ناچاری دۆسێ و ستراتیژە هاوبەشەکانیان بۆ بەرێوە دەبات.

## پەیوەست بە کوردەکان و هەرێمی کوردستانەوە:

پێدەچێت ئیتر سەرەتای کورتکردنەوە و گەمارۆی زیاتری سەر ئێران ببێتە فاکتێک و نەیارانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی ئێران رێگەنادەن کورەی قەیرانی ناوخۆیی ئێران ساردبێتەوە، ئەمریکا کارتی هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنی (پێنج کۆ یەک-برجام)ی داوەتەوە دەست سەرۆکەکەی. بەڵێنی هاوکاری نزیک و کاریگەریشی بە ئێرانییەکان و نارازییەکان داوە، بەڵام بە هۆی لایەنگیری تورکیا و عێراق بۆ مانەوەی رژێمی سیاسی ئێران، هاوکاری نەیارەکانی ئێران نەتوانن بەو شێوە پێویستە بگەنە نەیارە ناوخۆییەکانی سیستەمی سیاسی و ئۆپۆزسیۆنەکەی، بۆیە دوور نییە هەریەک لە یار و نەیارەکانی ئێران بە ئێرانیشەوە گرەو لەسەر شوێنی جوگرافی هەرێمی کوردستان و کوردانی ئەو وڵاتە بکرێت، هەروەک چۆن ئەمە بۆ بەلوچ و عەرەبەکانیش هەر راستە.

ئێران بۆ ئەوەی هەولێر نەبێتە بەشێک لە پلانی گەمارۆدانی زیاتری وڵاتەکەی و نەچێتە ناو هاوکێشەی ئەمریکی-سعودی، پێدەچێت ببێتەوە نێوەندگیری بەغدا و هەولێر (بەڵام بە تامی ئێرانیانە)، ناوەراستی مانگی رابردووش عەلی شەمخانی سکرتێری ئاسایشی نەتەوەیی ئێران ئەوەی نەشاردەوە، کە پیلانی ئەمریکی-ئیسرائیلی پشت رفراندۆم و جیاگەرایی کوردەکان شکستی هێنا و ئێستا ئیتر کاتی ئەوە هاتووە تاران، هەولێر و بەغدا کۆک بکاتەوە.

دۆخی خراپی ئابوریی و گوزەرانی ئێران و بەتایبەت ناوچەسنورییەکان و بێکاری (تایبەتتر ناوچە کوردییە هاوسنورەکانی هەرێم) بە هۆکارێکی سەرەکی نارەزایەتییەکانی ئەو ناوچانە و بە دەرگای قەیرانی ئەمنی و سیاسی رۆژئاوای ئێران دەزانرێت، بۆیە کردنەوەی سنورەکان و پەرەپیدان بە ئابوریی لە ناوچەکوردییەکان و گوزەرانی خەڵکەکەی، بە رێگای بەهێزبوونی ئابووری ئیران لە سنورە کوردییەکانی هەرێمی کوردستانەوە گرێدراوە، بوژانەوەی ئابوری رۆژئاوای ئێران و دروستبوونەوەی هەلی کار و بازاڕ بە رێگای ئابورییەکی گەشەکردوی تاران-هەولێردا تێدەپەرێت، ئەمە گریمانیەکی کراوەیە کە دوورنییە دوای نارەزایەتییەکی ئێستای ئێران، حکومەتی ئەو وڵاتە بە دوای کاراکردنی کەرتی ئابوری و بازرگانی ئێران و هەرێمدا بگەرێت وەک سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ بژێوی خەڵکی ئەو سنورانە و پاراستنی قوڵایی ستراتیژی و ئەمنیی هاوسنووری لەگەڵ

هەرێمدا.

## چوارەم: کاریگەری نارەزایەتییەکان لەسەر پێگەی دەرەکی ئێران:

ئێران یەکێکیە لە هێزە ئیقلیمیە هەرە کاریگەرەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست. زیادەڕەوی نییە ئەگەر پێشنیاری ئەوە بکرێت کە گۆرانکاری لە ئاراستەی ململانێکانی ناوچەکە، بە تایبەتی لە عێراق و سوریا و لوبنان و یەمەن، ئاستەمە بە بێ رەزامەندی کۆماری ئیسلامی ئێران. لە 15 ساڵی رابووردوودا تاران خۆی بە پارێزەری گرووپە شیعەکانی ناوچەکە ناساندووە و هەندێك جاریش بە سەرکردەی جیهانی ئیسلامی. ئەم بانگەشەیەی کۆماری ئیسلامی بنەمای تا رادەیەك راستی هەیە و هاوکارییە دارایی و سەربازییەکانی تاران بۆ گرووپ و لایەنە شیعەکان لە ناوچەکەدا شایەتی ئەم رۆڵە کاریگەرەی ئێرانن لە ناوچەکەدا. لەمەش زیاتر، تاران خۆی بە براوەی شەری ناوخۆی سوریا و جەنگی دژی داعش لە عێراق و ململانێی عەرەبی-ئیسرائیلی دەزانێت. هەروەها، تاران بانگەشەی ئەوە دەکات کە براوەی بەربەرەکانێ و ململانێە 35 ساڵەیە لەگەڵ وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەو پێیەی کە لە رێگەی رێککەوتنامەی ئەتۆمی 2015 وە رژێمی ئێرانی توانی دانپێدانانی زلهێزەکان بەدەست بهێنێت بە مافی ئێران بۆ بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی ووزەی ئەتۆمی بە بێ ئەوەی سازشی گەورە بۆ ئەو هێزانە بکات.

بە شێوەیەکی سەرەکی، ئێران توانیویەتی ناوبانگ بۆ بەهێزی ( Reputation for Strength) لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی بەدەست بهێنێت بە شێوەیەك کە لە دانوستانە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکاندا حساب بۆ دەسەڵادارانی تاران بکرێت و بانگهێشتی مێزی گفتوگۆی نێودەوڵەتی بکرێت. هەروەها، وەستانەوە بە رووی زلهێزی جیهانی و بوونی کاریگەری ئیقلیمی بووەتە هۆی بەهێزبوونی ناوبانگی ئێران لەسەر ئاستی شەقامی عەرەبی-ئیسلامی.

بەڵام پێدەچێت خۆ پێشاندان و نارەزاییەکانی ئەم دوواییەی ناوخۆی ئێران کاریگەری خراپی هەبێت لەسەر دەسەڵات و ناوبانگی ئێران لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی. پرەنسیپی سەرەکی لە زانستە سیاسیەکاندا جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەهێزی شەرعییەتی ناوخۆیی رێگە بە دەوڵەت دەدات کە رۆڵێکی کاریگەر بگێرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەروەها توندوتۆڵی شەرعییەتی ناوخۆیی پێگەی دەوڵەت بەهێز دەکات بەرامبەر بە نەیار و دۆستەکانی لەسەر ئاستی دەرەکی. بە پێچەوانەوە، غیابی شەرعیەتی ناوخۆیی و بوونی نارەزایی بەرامبەر بە رژێمی حوکم پێگە و ناوبانگی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی لاواز دەکات. ئەم بیرۆکە تیۆرییە جێبەجێ دەبێت بەسەر بارو دۆخی ئێراندا و چاوەروان دەکرێت کە لاوازبوونی متمانەی هاووڵاتیانی ئێرانی بەرامبەر بە رژێمی کۆماری ئیسلامی ببێتە هۆکاری لاوازبوونی پێگەی ئێران لەسەر هەردوو ئاستی ئیقایمی و نێودەوڵەتی.

کاردانەوەکانی سەرکردایەتی هێزە نەیارەکانی کۆماری ئیسلامی نموونەی راستی ئەم لێکدانەوەیەن. هەر یەك لە بینیامین نەتانیاهۆی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل و دۆناڵد ترامپی سەرۆکی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێرشی توندیان کردە سەر رژێمی کۆماری ئیسلامی و لە هەمان کاتدا پشتیوانی خۆیان بۆ هاووڵاتیانی نارەزای ئێرانی نیشاندا. چاوەروان دەکرێت کە نەیارەکانی ئێران بۆ لەمەودوا وەك هێزێکی لاواز لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی تەماشای کۆماری ئیسلامی بکەن و ئەو نارەزاییە ناوخۆیانە هیوایان بداتێ بەوەی کە کۆماری

ئیسلامی ئەو هێزە کاریگەرە نییە کە بتوانێت ئاراستەی ململانێ ئیقلیمیەکان بە ویستی خۆی دیاریبکات و دەکرێت هاووڵاتیانی ئێرانی لێ هانبدرێت و لە ناوخۆدا لاواز بکرێت.

هەرچی دۆست و لایەنگرانی ئێرانە لە ناوچەکەدا دەکرێت ئەم پرسیارە جدییە لە خۆیان بکەن: رژێمێك لە ناوخۆدا بێزراوبێت هاووڵاتینی ئێرانی لێ رازی نەبن چۆن دەکرێت ئێمە وەك بیانی و خەڵکانی دەرەوەی ئێران متمانەی پێبکەین؟ بەم شێوەیە، نارەزایی و خۆ پیشاندانەکانی ناوخۆی ئێران دەکرێت ببێتە هۆکاری لاوازبوونی نەرمە هێز و ناوبانگی هێزی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی بە شێوەیەك کە ببێتە لەمپەرێك لەبەردەم تاراندا لە پێناو بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییە ستراتیژییە دەرەکییەکانی. بە کورتی، رژێمێك کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە هیچ هێزێکی ناوخۆیی و دەرەکی ناتوانێت ڕووبەڕووی ببێتەوە، ئێستا توانای رازیکردنی هاووڵاتیانی ئێرانی نییە کە داوای بەجێهێشتنی دەسەڵاتی لێ دەکەن.

## پێنجەم: سیناریۆکانی مامەڵەی رژێمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ نارەزایەتییەکان:

لە سەرەتای نارەزایەتییەکانەوە، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەشێوەیەکی سەرەکی کاردانەوەی ئەوتۆیان نەبوو و بە نیازبوون کە نارەزاییەکان بە هەند وەرنەگرن و پشتگوێی بخەن. بەڵام دواتر کە زانرا ئاستی نارەزاییەکان بەرفراوانتربووە، وەك چاوەروان دەکرا دەسەڵاتدارانی تاران قەیرانەکەیان بەستەوە بە پیلانگێڕی دەرەکییەوە لەپێناو سەندنەوەی شەرعییەت لە خۆپێشاندەران. لەم بارەیەوە ووتاربێژی هەینی لە تاران لە وتاری هەینی (٢٠١٨/١/٥) ئاماژەی بەوەداوە کە نارەزایەتییە ناوخۆییەکان لە دەرەوە پیلانرێژییان بۆکراوە لەلایەن ئەمریکا و سعودیە و هەولێرەوە پارە و چەکی بۆ تەرخانکراوە. بەگشتی دەکرێت کە رژێمی کۆماری ئیسلامی لەپێناو سنوردارکردن و کۆتاییهێنان بە نارەزاییەکانی شەقامی ئێرانی پەنا بۆ هەر یەك لەم میکانیزمانە بەرێت:

1- میکانیزمی ئەمنی: وەك ئاشکرایە کە هاوپەیمانەکانی بەیتی رەهبەری، بە تایبەتی سوپای پاسداران و بەسیج – کە ئامانجی سەرەکییان پاراستنی رژێمە لە هەرەشەی ناوخۆیی و دەرەکی – رۆڵێکی ئەوتۆیان نەبووە لە گەمارۆدانی نارەزایەتییەکان بەڵام وەك خۆیان ئاماژەیان پێداوە، گەر بێت و قەیرانەکە ببێتە هەرەشەی جدی لە سەر مانەوەی رژێم ئەوا دەستیوەردان لە دۆخەکە دەکەن بۆ کۆتایهێنان بە قەیرانەکە.

2- گوتاری سیاسی و دینی: جوڵاندنی هەست و سۆزی دینی یەکێکە لە میکانیزمەکانی بەردەستی رژێم لە پێناو گەمارۆدان و ئیدارەدانی نارەزایەتییەکان. دیارە کە رژێمی دەسەڵاتدار لە رێگە دەزگا میدیاییەکان و مەراسیمی نوێژی هەینییەوە خەریکی هێورکردنەوەی کاریگەری نارەزاییەکانە بە چەند شێوەیەك لەوانە: (ا) بەهێزکردنەوەی باوەری لایەنگرانی رژێم بە دەسەڵاتی سیاسی لە رێگەی جوڵاندنی هەست و پەیوەندی دینیان بە دامەزراوەی دەوڵەتییەوە، و (ب) بەستنەوەی نارەزاییەکان بە پیلانی دەرەکییەوە، و (ج) تۆمەتبارکردنی هەندێك کەسایەتی حکومی (لەهەردوو باڵەکە) بە مەبەستی دەربازکردنی سەرتاسەری رژێم لە رەخنە و تووڕەیی خەڵك، و هەروەها (د) هاندانی لایەنگرانی رژێم لە پێناو ئەنجامدانی رێپێوانی ئاراستەکراوی جەماوەری وەک پاڵپشتی بۆ دامەزراوەی حوکم و بەهێزکردنەوەی شەرعییەتی ناوخۆیی لە دیدی نەیار و لایەنگرانی دەرەکی کۆماری ئیسلامییەوە.

3- ئەنجامدانی ریفۆرمی ئابووری: دەکرێت رژێم هەوڵی ئەنجامدانی هەندێك ریفۆرمی ئابووری بدات لە

پێناو کەمکردنەوە و کپکردنەوەی نارەزاییە ناوخۆییەکان بەڵام ئەمانە چارەسەری کاتی دەبن و کاریگەری درێژخایەنیان نابێت لەسەر شەرعییەتی رژێم لە دوورمەودادا. کێشەی ئابوری لە ئێران کەمتر پەیوەندی بە ئابلۆقەی ئابووری نێودەوڵەتییەوە هەیە و زیاتر پەیوەستە بە خراپ ئیدارەدانی ناوخۆیی و سروشتی رژێمی سیاسی ئێرانەوە. ئەوانەی مۆنۆپۆلی ئابووری ئێرانیان کردووە دامەزراوە دینی و سەربازییەکانی ئێرانن کە جومگەی سەرەکی رژێمن و مانەوەی کۆنترۆڵیان بەسەر سەرچاوە داراییەکانی ئێرانەوە زامنی مانەوە و ئاسایشی رژێم دەکات و پێناچێت بەیتی رەهبەری و  سوپای پاسداران حکومەت رێگە بە ریفۆرم و چاکسازیی ئیداری و ئابووری جەوهەری بدەن کە لەوانەیە ببێتە هۆکاری دادپەروەری بەڵام مەترسی کۆتاییهێنانی رژێمی کۆماری ئیسلامی لێدەکرێت لە کۆتاییدا! بە کورتی، ریفۆرمی ئابوری پێویستی بە گۆرانکاری جەوهەری لە بونیاتی سیاسی ئێراندا هەیە، گۆرانکارییەك کە رژیمی سیاسی پێناچێت ئامادەبێت ئەنجامی بدات. لەبەر ئەوە، چارەسەری "ئازار شکێن" و کورتخایەن نەك جەوهەری چاوەروان دەکرێت لە کۆماری ئیسلامی.

## ئەنجامەکان:

1 - لە کۆتایی ئەم پەیپەرەدا دەتوانین چەند ئەنجامێک بۆ تێگەیشتن لە نارەزایەتییەکانی ۲۰۱۸ی ئێران گەڵاڵە بکەین، بەم شێوەیە:

2 - نارەزایەتییەکانی ئیستای ئێران، بەرای زۆرینەی چاودێران، زیاتر سروشتێکی ئابووری وکۆمەڵایەتییان هەیە نەک سیاسی، بۆیە ئەوەندەی پەرچەکردارن بەرامبەر تەنگژە ئابورییەکانی ناوخۆی ئێران، بەتایبەت خراپبونی بژێوی وگوزەرانی زۆربەی هاوڵاتیان وزیدبوونی رێژەی بێکاری و هەلاوسان و کورتهێنانی بودجە لە ئەنجامی سیاسەتە هەڵەکانی حکومەتی هەنوکەی ئێران، هێندە کاردانەوەنین بەرامبەر خودی رژێمی حوکمرانی ئێران.

3 - بەسیاسی ناساندنی نارەزایەتییەکانی ئێران و لەقەڵەمدانی وەک پێش زەمینەیەک بۆ قلَپکردنەوەی رژێمی حوکمرانی ئێران، بەبروای هەندێک، زیاتر وێنایەکی گریمانە کراوی نەیارانی هەرێمی ونێودەوڵەتی ئێرانە، نەک واقعێکی حاڵ کە بەشێوەیەکی راستەقینە ئێستا لە ئارادابێت.

4 - سەبارەت بە کاردانەوە ناوخۆییەکانی نارەزایەتییەکانی ئێران، رەنگە لەمەدای نزیکدا ببێتە هۆی پێداچونەوەی حکومەت بە چەند سیاسەتێکی گشتیدا، بەتایبەت لەسەر ئاستی بژێوی خەڵک، هەروەها کارکردن چاکسازی وبۆ قەڵاچۆکردنی گەندەڵی و تەنانەت هەمووارکردنی دەستوریش، بەڵام زەحمەتە ئەم نارەزایەتییانە گۆرینی سەرتاسەری رژێمی سیاسی ئێرانی لێ بکەوێتەوە.

5 - سەبارەت بە کاردانەوە دەرەکییەکانی نارەزایەتییەکانیش، نەیارە هەرێمی ونێودەوڵەتییەکانی ئێران لە روی راگەیاندن و بەگەورە پیشاندانی نارەزایەتییەکانیش زیاد لە قەبارەی خۆی دەیانەوێت فشار لەسەر دۆخی ناخۆیی دروست بکەن و ژینگە بۆ کۆکردنەوەی دەنگی نێودەوڵەتی بخولقێنن ئەمەش لەلایەک بۆئەوەیە رژێمی سیاسی ئێران وا پیشانی دونیا بدەن کە هێزێکە لەناوخۆدا بێ پشتیوانە، لەلایەکیتریش پشتگیری ئێران و بۆ وڵاتە عەرەبییەکان کەمبێتەوە، ئەمەش واتە کەمبونەوەی کاریگەری ئێران لەسەر ئاستی هەرێمی ونێودەوڵەتی.

6 - پەیوەست بە کورد و هەرێمی کوردستان، رەنگە نارەزایەتییەکانی ئێران پاڵنەرێک بێت بۆ ئەوەی لەمەودوا ئێران رۆڵێکی ئیجابی بگێرێت لە هێورکردنە پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغداد، وێرای گرنگیدان بە زیاتر گەشەپێدانی پەیوەنییە ئابووریەکانی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان.

7 - چاوەڕوان ناکرێت کە ئەم نارەزاییانە گۆرانکاری بنەرەتی لە ناوخۆی ئێران دروستبکەن، بەڵام ئەم رووداوانە دەبنە هۆکاری لاوازبوونی پێگەی ئیقلیمی ئێران و کاڵبوونەوەی ناوبانگی بەهێزی و نەرمەهێزی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە روانگەی نەیار و دۆستە دەرەکییەکانی تارانەوە.

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center for Future Studies

https://www.centerfs.org

Address: *Iraq, Kurdistan Region, As-Sulaimaniyah (Slemani), Pak City, A1, 6, 26*

Tel: (+964) 0773 836 3758

Email: jalal.mistaffa@centerfs.org